# جەنگی چیایەکان، جەنگی ململانێی خود و جەنگی لە دایکبوونەوەی ڕووح

هەڵمەت بایز

ئەزموونی ئەدەبی تاراوگە، ئەزموونێکە لە نەوتراویی، ئەزموونێکە بۆ شۆڕبوونەوە بەنێو تەنیاییەکانی ڕووح. ئەو ئەزموونە دوا ماڵی گەڕیدەیەکی شەکەتە بە دوای سۆراغی نیشتماندا. تاراوگە، گەڕانە بەدوای ئەو شوێنەی نیشتمانی تێدا ونە، بەڵام شوێنپێیەکانی لە تاراوگە بەجێماوە. بەرهەمی تاراوگە، بەرهەمی کەڵەکەبووی یادەوەرییەکە، بۆ تێپەڕاندی ئەو سنوورانەی مێژوو دەستی پێڕاناگات. ئەدەبی تاروگە، دەستپێکی ئەو حیکایەتانەیە، کە هێشتا زەمەنی گێڕانەوەی حیکایەتی ناو حیکایەتەکان دەستیان پێنەکردووە. تاراوگە، نسیێی حەسانەوەیەکە دوای هەوراز و نشێوەکان، کە هێشتا نووسەران لێی ژی نەبوونەتەوە. تاراوگە، بێداربوونەوەیە لەژێر سێبەری دارێکی بەدبەختیی، کە مۆتەکەی نووسینە.

(چیایەکانی من)ی (هەندرێن)، وەک بەرهەمێکی تاراوگەیی، وەک ئەمزوونێکی تازەی نووسین لە بواری ژانرەکانی ئەدەبیی، دەقێکی شیعریی گێڕانەوەییە، یان گێڕانەوەیەکی شیعرییە، ئەوەی تایبەتمەندی ئەو دەقە دیار دەکات، تایبەتمەندی زمانی نووسینە لە ڕێی گێڕانەوەیەک، کە هەڵگری فرە حیکایەتە، ئەو حیکایەتانەی، کە لە نێوان زەمەنەکانی ئێستا و ڕابردوودا تەراتێن دەکەن و بەنێو خودە پەژمووردەکانی شاعیردا وێڵن. دەسەڵاتی زمانیش لەناو کردەی نووسیندا، خەریکی نووسینەوەی جەنگی خودەکانە؛ خودێک، کە حیکایەتێک دەینووسێتەوە، خودێک، کە حیکایەتێک دەگێڕێتەوە. بوونیش دەکەوێتە نێوان مەودای جەنگەکانی گێڕانەوەی حیکایەتەکان لەڕێی گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ناو دەقەکەشەوە، هەستی نامۆیی، تەنیایی و ئازار لە بەرانبەر هەستخرۆشێنی و باڵەفڕکێی چێژبەخش، وەک دوو چەمکگەل لە هەڵبەز و دابەزدان.

دەقی (چیایەکانی من)، وەک دەقێکی نوێگەریی لە ئاستی هزری و فەلسەفیدا، یان لە ئاستی زمان و شێوازی گێڕانەوەدا، دەقێکی فرە ڕەهەندە، لەوسەروبەندەشدا، فەزای دەق، گەڕان بەناو کایەکانی ژیان و هەڵدانەوەی زۆر پرسی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و کولتووریی لە ڕێی ئەزموونی ژیانی شاعیر مشتوماڵ کراوە، بۆیە دەشێت ئەم دەق لە کۆی ڕەوتەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا، شوێنپێیەک بۆ فەزای خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی دەقی ئەدەبیی جێبهێڵێت. بەتایبەتی ئەو دەقە مامەڵەکردنێکی ئەزموونی کەڵەکبووی ژیانی شاعیرە، لەگەڵ دەوروبەر، سروست و کۆمەڵگە بەگشتی لە چوارچێوەی زەمەنێکی فیزیکیدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەقە نە خوێندنەوەی ژیاننامەی شاعیرە و نە بازدانێکی مێژووییشە، بەڵکو دەقی (چیایەکانی من)، بەشێکە لە هزراندن، گوزەری زمان و خەیاڵ لەپێناو بەجووڵەهێنانی ڕووداو، یادەوەریی و هێزی چاوتروکانەکانی شاعیرە بەنێو زەمەنی ئێستا، داهاتوو و ڕابردوودا. لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونێکی دیکەی کەڵەکەبوونی مەعریفی دەق بریتییە

لە کردەی دەقاوێزانی و ئیلهامبەخشی شاعیر، کە کردەی هزراندنی ئەو دەقەی، وەک دەقێکی ئاوالا هەڵخستووە. هەروەها ئەزموونێکی دیکەی ئەو دەقە، وەک پاشخانێکی هزریی و بونیادیی، ئەزموونی هێزی پەنگخواردووی خودێکی تاراوگەنشینە، ئەو خودەی، کە لە جەنگێکی بێبڕانەوەدایە.

دەستپێکی گێڕانەوەی دەقەکە بەناوی جەنگی "**چیایەکان جەنگی منن**" ( ل ٦)، وابەستەیی خۆی بەکۆی بونیادی دەقەکە لە وشە و دەستەواژەکانەوە، تا بە بونیادی حیکایەتەکانی ناو گێڕانەوەکە دەگات، درێژەی هەیە. بە واتایەکی تر، خوێنەر لەسەرتاپای دەقەکەوە هەست بەگەڕان بەنێو جەنگی چیایەکان دەکات، ئەو جەنگەی جەنگی ناکۆتایە لەدەقدا، یادەوەرییەکی ناکۆتایە لەنێون ئەزموونی نووسەرێک و بەشێکی گێڕانەوەی حیکایەتەکانی نیشتمانێکە، ئەوەتا لە دوا دێڕەکانی چیایەکانی مندا هاتووە "**ئەوەی کە بۆ تۆی دەنووسم جەنگی چیایەکانە کە هەروا لە دەڤەری مندا ئامادەیە. ئەو جەنگەش بە کۆتانایێ: لە زمان پەل دەهاوێ.**" (ل ٧١)، جەنگی چیایەکان، جەنگێکە دەستپێکێکی بونیادی دەقی هەیە، بەڵام لە ناوەرۆکدا، جەنگی چیایەکان نە خسڵەتێی دەستپێکی هەیە و نە هەڵگری ناسنامەیەکی دیاریکراویشە، بەڵکو جەنگی چیایەکان، گەڕیدەیەکی خودە بەناو خودەکانی دیکەی ڕووداو و یادەوەرییەکاندا. ئەو یادەورییانەی، کە نە ماڵ، نە شوێن و نە کاتێکی دیاریکراویان نییە. جەنگی چیایەکان، جەنگی بەشوناسکردنی چەمکەکانی مەرگ، تەنیایی و نۆستالژیا، بوون و ئازادیی، جەوهەر، سروشت و مرۆڤە. جەنگی چیایەکان، جەنگی ئەبەدی و حەقیقەتە. جەنگی چیایەکان، ڕەگاژۆبوونی خودە بەنێو ماڵی نیشتمان و هێدمەی تاراوگەیە بۆ گەڕانەوەی چرکەساتەکانی ڕووحی بەجێماوی ناو هەوراز و نشێوی چیایەکانی کوردستان "**ئێستای من کانییەکە بە چرپەوە بەناودۆڵێکدا دەڕژێ، کە ڕەنگە تەنیا تۆ بەوێدا ڕابوریی.**" (ل ١٤) خودێک، کە لە ماڵێکی تەنیادایە بەدوای خۆیدا دەگەڕێت، بۆیە هەمیشە پرسی بۆ (تۆ) نووسین، دەنگێکە بۆ گەڕانەوەی خودی (من) لە ئەو دا، "**دەنگی تۆ زایەڵەیەکە لە مندا**" (ل ١٢)، لە ڕێی گێڕانەوەی جەنگی چیایەکانەوە، لەدیکبوونەوەی (خود)ە پەنهانەکان بەردەوامیان دەبێت. جەنگی چیایەکان، جەنگی ئازادکردنی یادەوەرییەکانە بۆ ئەوەی، نەوای دەنگی چیایەکان و شوێنپێی گەڕیدەیەک بناسێتەوە "**هێورییێکم لە شەپۆڵەکانی یادەوەری گەرەکە، تا یادت بکەمەوە. بەدەم ئەو جەنگەوە دەمەوێ بە دیار چاوتروکانەکانتەوە بوەستم**" (ل ٧٠) جەنگی چیایەکان، جەنگی وەستانی کاتە بۆ بەدەنگێهێنانی ڕابردوو لە ئێستادا "**من لەناو ئەو ئێستایەدا ئامادەم و ئەم ئێستایەش لەمندا ئامادە نییە**" (ل ٧).

ڕەهەندی سیمیۆلۆژیای ناونیشان، پێوەندییەکی دەلالیی بەهێزی، لەگەڵ تەواوی بونیادی گێڕانەوە و پانتایی زمانی دەقدا هەیە. ڕەهەندە دەلالییەکانی چیایەکان لە (چیایەکانی من)دا جارێک دەبنە: غەم و تەنیایی و جارێک دەبنە یادەوەریی و جارێک چیای ڕاستەقینە و جارێک برینە سارێژنەبووەکانی کوردستان و جارێک سروشتی چیا، وەک خۆی و جارێک خەمی مێشگەلی قەڵەموقەلەمڕەویی و

خەمی کۆمەڵایەتیی، کە هەموویان دواجار بەشێکن لە ڕەهەندی دەلالی جەنگەکانی خود "ئەو چیایانەی کە هەمیشە لێرە ئامادەن، دەنووسمەوە" (ل ٥٧)، "**چیایەکان هێمایەکن ئاشنایەتییان بە هێماکانی ترەوە هەیە، هەموو هێماکانیش پێکەوە ئەزموونێکن لە مێژوویەکی هەژەند**" (ل ٦٠)

یەکێک لە توخمە گرینگەکانی بونیادی دەق و گێرانەوەی دەق، بونیادی زمانە. زمان لە (چیایەکانی من)دا بەخشینی باڵە بۆ فڕینی خودە بە جێماوەکانی نیشتمان و بەدەنگهێنانی خودی تاراوگەیە. زمان لەو دەقەدا بوونە لە هەبووندا، زمان وەک توخمێک لە نێوان خودی تاراوگە و خودی نیشتمان؛ دەنگدانەوەیەکە لە بیرەوەریی، نۆستالژیا و نووسینەوەی خەمی ئەوانی تر، وەک بەشێک لە خەمەکانی خۆی. ئامادەیی خودی تاراوگە بۆ دۆزینەوەی خودە ونبووەکان، جووڵانی زمان و دەستبازیی وشەکانە. هێزی زمان لە دەقەکەدا هێزی بوونە "**وشەکانم وەک ڕمگەلێک دەهاوێژم. زمانیش بەهایەکە لە: هەبوون**" (ل ٢١).

لە نێوان ئەو هەموو جەنگی چیایانەدا، لە نێو ئەو هەموو گەمەی زمانیی، دەستبازی وشە، هەبوون، ئازادیی و تەنیایی خودە بەشداربووەکانی ناو دەقی (چیایەکانی من)، دوو ئاڕاستەی دوانەیی دژ بەیەک ئامادەییيان هەیە، جۆرێکیان هیلاکی ڕووحی شەکەتییە "**لەوە دەچێ ئەو جەنگی چیایانە بێکۆتابن: لەشم لە شەکەتیدا هاوار دەکا و ڕووحیشم هەدادانی نییە**" (ل ٦٩)، واتە دیوێکیان خۆنەویستانەیە، بەتایبەتی وەک لە دەقەکەدا لە چەندین شوێندا ئاماژە بە ڕۆژی یەکشەممە کراوە، کە لە کاتی پشووداندا خودی دووەم، واتە خودی نادیار خۆی دەکاتە میوانی ماڵێکی تەنیایی و ماڵی تاراوگە، بۆیە لە گێڕانەوەکاندا وەک حیکایەتی خەمی نیشتمان و هەواڵی تازەی ئەوێی نیشتمان و لەبەرجەستەبوونی ئێرەی تاراوگەدا، هیلاکبوونی ڕووحە. جۆرێکی دیکەی هەڵکشان بەدەم جەنگی چیایەکانەوە ئازادبوون و هەستکردنە بە بوون، لە هەمان کاتیشدا هەستی هیلاکیی و ماندووی ڕووح بەدەم جەنگی چیایەکانەوە، جۆرێک لە لەدایکبوونەوە و هەستی ماسۆشیانەیە لەلای شاعیر. "**مەیلی من ئامادەکردنی ناوەوەی خودێکە کە بەناو منەوە پەنگ دەخواتەوە. ئەوەتا لەبەردەم ئەو تشتانەی کە دەمەوێ بیانگەمێ شاگەشکەم**" (ل ٣٢).

ئەو گەڕان، هەڵفڕین و گەشتە ڕووحییەی خودی تاراوگە لەنێو چێژی شاگەشکەبووندا خۆی دەدۆزێتەوە، یان چێژ لە ئازار وەردەگرێت و جۆرێک لە ئازادبوونی خود و لەدایکبوونەوە دێنێتە کایەوە: "**من ئەوهام کە ئازار چێژدار دەکەم. دەزانم مرۆڤگەل بە ئازارەوە دەمرن، منیش تەنیا بە ئازار لە دایک دەبمەوە. جەنگی چیایەکان، گۆرانی منە، مرۆڤی تەنیایە**" (ل ٣٤). "**لەم جەنگی چیایەدا دڵم تونتر لێدەدا. وەلێ من دوای نووسینەوەی هەر چاوترووکانێک، جارێکی تر لەدایکدەبمەوە**" (ل ٥٣) "**تا ئەو جەنگی چیایە هەبێ لە دایک دەبمەوە**" (ل ٧٠). ئەو شاگەشکەبوون و هەستی چێژە لە بەرانبەر ئازاردا، هەستێکی خودویستانەی شاعیرە. ئەو دیوە خودویستەی شاعیر، دیوێکی ناخودئاگایانەی شاعیرە بە ئاڕاستەی خۆبەتاڵکردن، بەرزبوونەوە و داهێنای ئەدەبیی. بۆیە کردەی دەقی ئەدەبیی لە ڕێی ناخوئاگاییيەوە، بەرەو ڕووی داهێنان دەبێتەوە.

سەرچاوە:

هەندرێن، چیایەکانی من، کۆ شیعر، چ1، سوێد، 2012.